

# ڕێکخراوەکانی خانمان چەندین پێشنیار و ڕێکار بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی پێشکەش بە کابینەی نوێی حکومەت دەکەن

ویڕای هەوڵەکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ماوەی سێ ساڵیشە لەهەڵمەتێکی ١٦ رۆژەدا پرسی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە دەخرێتە بەر باس و لە بەلاغی کۆتاییش چەندین ریکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە پێشکەش دەکرێ، بەڵام ئامارەکان وانیشان دەدەن کە نەتوانراوە بەپێی پێویست کار لەسەر ئەو پرسە گرنگە بکرێت، بۆیە جگە لە حکومەت ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش لەو بوارەدا بە کەمتەرخەم تۆمەتبار دەکرێن، بۆیە داوای کاری هەمەلایەن و پلانی جددیتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەکرێ.



کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ڕێکخراوەکانی خانمان چ پێشنیار و ڕێکارگەلێکیان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و پێشکەشکردن بە کابینەی نوێی حکومەت ئامادە کردووە؟ دەڵێت «وەك ئەوەی ئاگادارم، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ئافرەتانی ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان لیژنەیەکیان پێکهێناوەو لەگفتوگۆی ئەوەدان بەرنامەی کاریان بۆ کابینەی تازەی حکومەت ئامادە بکەن، یەکەم شت کار لەسەر ئەوە دەکەن کە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئافرەت زیاد بکرێت، جا لەهەر پلە و پۆستێکدا بێت، گرنگ ئەوەیە لەپێگەی بڕیاردانداندا بن، بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاوێك بێنەپێش لەبواری کارکردن لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر لە کۆنفرانسی کردنەوەی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، کە بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستی بە کارەکانی کرد، ئاماژەی بە هەندێك خاڵی گرنگ کرد، یەکێك لەوانە زیاتر ئەکتیڤکردنی پلان و بەرنامە و ئەو یاسایانە بوو کە تایبەتن بە بواری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، کە هەم هەمواربکرێتەوە و هەم بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکێکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هەردەم هاوکاربوون لەو بوارەداو ئەگەر ئەوان نەبوونایە زۆر کار کە تا ئێستا کراوە، وەك ئەکتیڤکردنی یاساکان، هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی، نەدەکرا».

**پێویستە بەپلانی هاوبەش و هەمەلایەن بەرەنگاری توندوتیژی بکرێت**

کۆسار کەریم لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر یەك دوو ڕێکخراو بە تەنیا پڕۆژەیان هەبێت، ڕەنگە گوێیان لێ نەگیرێت، بۆیە پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان پلانی هاوبەشیان بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی هەبێت، هەرچەندە کۆی گشتی هەموو ڕێکخراوەکان بیر و ئایدیا و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیان هەیە، کەچی هەموو یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش نەهێشتنی توندوتیژییە بەرامبەر بە ژنان، بەڵام ئەگەر بێتو ڕێکخراوەکان هەموو کۆك بن و پڕۆژەیەکی یەکگرتوویان هەبێت، ئەوکات بەدڵنیاییەوە حکومەتیش لەگەڵیان دادەنیشێت و گوێیان لێ دەگرێت»، گوتیشی «پێموایە ئەگەر ڕێکخراوەکان یەکبگرن و کۆك بن لەسەر ئەو ئامانجەی کە بۆی تێدەکۆشن، لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سەرکەوتوو دەبن، گومانی تێدانییە ئەوەی لە ڕابردووشدا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی کراوە لەژێر فشاری ڕێکخراوەکان کراوەو لەلایەن حکومەتیشەوە بە هەند وەرگیراوەو بەرنامە و پلانی بۆ دارێژراوە، بێگومانیشم لەوەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە جددی کار لەسەر ئەو پرسە کراوە».

**حکومەت نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ گوێ لە ڕێکخراوەکانی ژنان بگرێت**

بەڵام لەنجە عەبدوڵڵا بەرپرسی دەزگای وارڤین، ڕایوایە «حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان سیاسەتێکی ڕوونی نییە، تەنانەت ئەو ستراتیژیەتەی کە ئەنجومەنی باڵای خانمان دایناوە کۆمەڵێ کەموکورتی تێدایە، کە نازانرێ ئەو ستراتیژیەتە چۆن ئیدارە دەکرێت و دەستەی کارکردنی ئەو ستراتیژیەتە کێن، کێن ئەوانەی چاودێری کارەکانیان دەکەن»، گوتیشی «تاوەکو ئێستا بودجەیەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەستنیشان نەکراوە، واتا لیژنەیەکی بەرپرس نییە ساڵانە لەچوارچێوەی هەڵمەتەکە کاری خۆی بکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حکومەت نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوێ لە ڕێکخراوەکانی ژنان بگرێت، بۆیە تاوەکو ئێستاش لەنێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی ژنان بازنەیەکی ونبوو هەیە کە بە هیچ شێوەیەك ئێمە بەیەکەوە نابەستێتەوە، هۆکاری ئەو پەرش و بڵاویەش ئەوەیە چ جکومەت چ ئەنجومەنی باڵای خانمان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوێ لەرێکخراوەکانی ژنان بگرن بۆئەوەی بزانن پلان و پڕۆگرامیان چییە، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە و کارەکانی ئەو هەڵمەتە بەرەو پێش نابات».

لەنجە جەختی لەوە کردەوە کە «دەیان پڕۆژە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە دراوەتە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێئەوەی کاری لەسەر کرابێت»، هەروەها گوتی: لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە حکومەت کە بەرنامە دادەنێت و پلان دادەڕێژێت هیچ ڕاوێژێك بە ئافرەتانی ڕێکخراوەکانی ژنان ناکات و ڕایان بە هەند وەرناگرێت، لەکاتێکدا کارکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە پێویستی بە یاسای تۆکمە و پەیڕە و پڕۆگرامی پوخت و کەسانی لێهاتوو و پسپۆڕ و شارەزا هەیە».

**تاوەکو ئێستا دادگاکانمان ئیش بە هەندێك یاسای سەردەمی ڕژێم دەکەن**

سۆزان فەقێ بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەبۆنەی یادی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی ڕابردوو کۆنفرانسێك کرا، دەرکەوت کە لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان کۆمەڵێك ڕاسپاردەیان هەیە، هیوادارین دەسەڵات هەماهەنگی و هاوکارییەکی تەواو بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ڕاسپاردانە بکات، بۆ ئەوەی توندوتیژی ئەگەر بنبڕیش نەبێت، کەم بکرێتەوە»، گوتیشی «ئێمە کۆمەڵێ یاسای باشمان هەیە، لەوانە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی حێزانی، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا دادگاکانمان ئیش بە هەندێك یاسا دەکەن کە ئەم یاسایانە هی سەردەمی ڕژێمی پێشوون لەگەڵ ڕەوتی ئەمرۆی کۆمەڵگەکەمان ناگونجێت، لەلایەکی دیکەوە تەنیا دەسەڵات لەکەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی ڕۆڵ نابینێت و ناکرێ ئەو ئەرکە تەنیا بە دەسەڵات و ڕێکخراوەکان بسپێرین، بەڵکو پێویستە لە پەروەردەوە دەست پێبکەین، چونکە تاوەکو تاکی کۆمەڵگە ڕۆشنبیر

**ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ئافرەتانی ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان لیژنەیەکیان پێکهێناوەو لەگفتوگۆی ئەوەدان بەرنامەی کاریان بۆ کابینەی تازەی حکومەت ئامادە بکەن**

**دەیان پڕۆژە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە دراوەتە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێ ئەوەی کاری لەسەر کرابێت**

**لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان کۆمەڵێک ڕاسپاردەیان هەیە، هیوادارین دەسەڵات هەماهەنگی و هاوکارییەکی تەواو بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ڕاسپاردانە بکات**

**هاتنی دەسەڵاتی دادوەری بۆ گفتوگۆکردن لەسەر جێبەجێنەکردنی یاساکان و دانانی خاڵی چارەسەر هەنگاوێکی مەزن بوو**

نەبێت، توندوتیژی بنبــڕ نابێت، پەروەردە و ڕاگەیاندنیش دوو وێســتگەی زۆر گرنگن بۆ رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی تــاك، لەلایەکی دیکەوە ناکرێ رۆڵــی پیاوانی ئایینی لەبیر بکەین، ئەوانیش دەتوانــن لەرێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە پیاوان هۆشیار بکەنەوە، چونکە هەموومان دەزانین کە زۆرترین توندوتیژی دەرهــەق بە ژنان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت، ئێمە وەکو یەکێتی ژنانی کوردســتان لەکابینەی رابردووشــدا کۆمەڵێ پڕۆژە یاسامان هەبوو، پێشکەشی حکومەتمان کردووە، بۆ کابینەی داهاتــووش بێگومان پڕۆژەمان بۆ نەهێشــتنی توندوتیژی خێزانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان دەبێت و بەرنامەکانمان چڕ تر و پڕ تریش دەبن.

**بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیژی بەرەو پرســێکی دامەزراوەیی دەڕوات**

ئەمەل جەلال ئەندامــی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەگەر ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی رابردوو بەراورد بکەین، دەبینین لەساڵانی رابردوودا دامەزراوەکانی جێبەجێکاری واتا دامەزراوەکانی حکومەت کەمتــر خۆیــان لەبەرامبەر ئەو مەســەلەیەدا بە بەرپرســیار دەبینی و زۆرترین ئاماژەکان بــۆ ڕێکخراوەکانی ئافرتان و ژنان دەڕۆیی، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین، نەك تەنیا بەڕێوەبەرایەتییەکانــی حکومەت بەڵکو وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە و تەندروســتی و پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی هەرێم ئەمســاڵ پەیامی تایبەتی خۆیان بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیــژی هەبوو، ئەوانە هەمووی دەلیلی ئەوەیە کە جۆرێك لــە کۆدەنگی هەیەو ئەو گرفتە لەپرســێکی کۆمەڵایەتییەوە وردە وردە بەرەو سەر پرسێکی دامەزراوەیی دەڕوات، واتا بۆ بە گژداچوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن پێویســتیمان بەوە هەیە کە لەســەر ئاستی دامەزراوەیی بە بەرنامە، بە بڕیار، بە جێبەجێکردنی یاسا کارەکان رێکبخەین و بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بین»، گوتیشی «وەکو ئەنجومەنی باڵای خانمان کارەکانمان بۆ چارەســەرکردنی هەموو ئەو رێگری و بەربەستانە بووە کە لەبەردەم جێبەجێەکردنی یاســاکانی تایبەت بە پرسی ژن دەبنە لەمپەر، بۆ نموونە هەردوو یاسای باری کەسێتی هەموار کراو لەهەرێمی کوردســتان و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، کەواتە ئەوانە هەمووی کاریگەری خۆی دروســت دەکات، بــەڵام کاریگەرییەکی رێژەیــی، چونکە ئەو دیاردەیە مێژوویەکــی درێژی هەیە، ناکرێ تەنیــا لەچوارچێوەی ١٦ رۆژدا گۆڕانکاری تەواوی بەســەردا بێت، لەکاتێکدا هێشتا کۆمەڵگەکەمان پێویســتی بە بەرنامە و پلان و ئیرادەی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی یاســاکان هەیە، بۆئــەوەی بەرەنگاری ئەو ناهەمواریيانە ببینەوە کــە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، خۆشبەختانە هاتنی دەسەڵاتی دادوەری و دادوەرە بەرێــزەکان بــۆ گفتوگۆکردن لەســەر جێبەجێنەکردنی یاســاکان و باســکردن لەگرفتەکانــی خۆیان لەســەر جێبەجێکردنی یاساکان و دانانی خاڵی چارەســەر هەنگاوێکی مەزن بوو، هەروەها بەپیرەوەهاتنی تەواوی دامــەزراوەکان و ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن هەنگاوێکــی دیکەیە، ئەوانەش هەمــووی لەئەنجامــی ئــەو هەڵمەتانەو خەبــات و کاری رێکخراوەکانــی ژنــان و ئافرەتانە، بیرمان نەچێت لەســاڵانی رابردوو لەقۆناغی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد ژنان بەشدارییەکی کارایان لەشاخدا هەبووە، لەهەمان کاتدا لــەدوای راپەڕینی ١٩٩١ رێکخراوەکانی ژنان خەباتــی گەورەیان کــردووە، هەموو ئەو هەوڵانــە بێ کاریگەری نابن، لەگەڵ ئەوەشــدا بێ کەموکوڕی نابــن، کەموکوڕییەکانیش تەنیا بەلایەنێك پەیوەست نییە، بەڵکو پەیوەستە بەکۆی سیستەمی حوکمڕانی بەکۆی دەسەڵاتەکانی هەرێم و هەمــوو رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومیش لەو بەرپرسیارێتییەدا پشکی خۆیان بەردەکەوێت».



# ئافرەتان داوای هەلی کاری زیاتر و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی دەکەن

بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە ڕابردوودا بەسەر کورددا هاتووە، شانبەشانی تێکەڵبوون بە کەلتوور و نەریتێکی هاوردە کە بەهۆیەوە زۆربەی کچان لە رابردوودا لەخوێندن بێبەش بوون، بۆیە تا هەنووکە دەرفەتی کارکردنیان کەمە، تەنانەت ئەو ئافرەتانەش کە بە کاری خزمەتگوزاری ڕازین، گلەییان لەوە هەیە، کە دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتان بەگشـــتی و بۆ ئەوانەی بڕوانامەیان نییە بەتایبەتی زۆر کەمە، پەرلەمانتارێکیش بە پێویستی دەزانێت ئەو ئاریشانە بە یاسا چارەسەر بکرێت.



### ئافرەتانی ناو کارگەکان خۆیان بە مەغدوور دەزانن

«دایـــك و باوكم خوا عەفوویان بـــكات، غەدرێکی گەورەیان لەمـــن کرد، بە بیانـــووی ئەوەی (کچ خوێندنـــی بۆ چییە؟ منیان نەنارده بەرخوێندن، ئەمڕۆش باجی نەبوونی بڕوانامە و نەخوێندەوارییەکەم دەدەم، کە دایك و باوکم مردن چاو لەدەستی برا و براژن مامەوە، زۆرجار لەگەڵ براژنەکەم شـــەڕمان دەبوو لەسەر بێ پارەیی و کەم مەسرەفی، دواجار هاتمە ئەو کارگەیە دەســـتم بە کارکردن کرد، ئەگەرچی پارەکەی کەمە بەڵام لەو گرفتانـــەی کە هەبـــوون رزگاری کردم». ئەوە قســـەکانی ســـەمیرە عەلی بوو. ئەو گەورە کچێکی تەمەن ٤٢ ســـاڵەیە و لە کارگەیەکی دروســـتکردنی تورشی لەهەولێر کاردەکات، نیگەرانیی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە «دوای چەندین ساڵ کارکردن لە کارگە هیچ داهاتوویەکمان دیار نییەو خانەنشینی ئێمە ناگرێتەوە» ئـــەو ئافرەتانەی وەك ئێمە لە ناو کارگەکان کار دەکـــەن هەموویان مەغـــدوورن و حکومەتیـــش ئاوڕیان لێناداتەوە».

گەورەکچێك:
**دوای چەندین ساڵ کارکردن لە کارگە هیچ داهاتوویەکمان دیار نییەو خانەنشینی ئێمە ناگرێتەوە**



ئامینـــە کەریم ئافرەتێکی بێوەژنی تەمەن ٤٧ ســـاڵە، ئەویش وەك خۆی باسیکرد، ماوەی زیاتر لەچوار ساڵە لە کارگەیەکی دروومان کاردەکات، ســـەبارەت بە هۆکاری کارکردنەکەشـــی گوتی «پاش ئەوەی پیاوەکەم بە شـــێرپەنجە مرد، منداڵەکانم رۆژ لەدوای رۆژ برســـیتر و بێ مەسرەفتر دەبوون، سێ ژەمە چاوەڕێی قاپە چێشـــتی دراوســـێکانمان دەکرد، ئەگەر خێر و سەدەقەی دراوســـێکان نەبووایە لەبرسان دەمردین، دواجار بیرم لـــەوە کردەوە کە کارێك پەیدا بکـــەم بۆ ئەوەی بتوانم خەرجی و داواکاری منداڵەکانـــم دابین بکەم، ئەوە بوو کاری دروومانم لەو کارگەیە دەســـت پێکرد، زۆریش مانـــدووم دەکات، بەڵام کـــە مانگانەکەم وەردەگرم، لـــە ماندوێتیم دەحەســـێمەوە و منداڵەکانیشم دەگەشێنەوە»

بێوەژنێك:
**کە مانگانەکەم وەردەگرم، ماندوویەتیم لەبیر نامێنێ و دەحەسێمەوە، منداڵەکانیشم دەگەشێنەوە**

### گەورە کچان شەرم دەکەن داوای پارە لە باوانیان بکەن

بەهار حەمە ڕەشـــید کچێکی تەمەن ٣٢ ســـاڵەو وەك خۆی ئاماژەی پێکرد، تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، سەبارەت بەژیانی ئابووری خۆیشی بۆ گوڵان گوتی «کاتێك بۆ کڕینی پێداویستییەکانم داوای پارە لە باوك و براکانم دەکەم، هەست بە ئازاری دەروون و رووشـــکێنی دەکەم، بەتایبەت ئەوکاتانەی کە دەڵێن نییـــە». بەهار خوازیارە حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو ئەو کێشـــەیە لەبەرچاو بگرن، گوتیشی «ئەگەر مووچەشمان پێ نادەن، هەوڵی رەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ ئافرەتانی ماڵەوە بدەن، ئەویش لە رێگەی دامەزراندنی کارگەی رستن و چنین و دروومان و کارگەکانی دیکەی تایبەت بە ئامادەکردنی خۆراك، بۆ ئەوەی چیدیکە ئافرەت چاو لەدەســـتی باوك و برا و مێردی نەبێ».

### دەرفەتی کارو چوونە دەرەوەی ئافرەت زیاتر بووە

توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن عومەر ساڵح، سەبارەت بەو پرسە ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کـــە داهاتی ئافرەت یەکێکە لەو هـــۆکارە گرنگانـــەی کە ئافرەت ســـەربەخۆ دەکات و ئەوەش دەبێتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مافەکانی، گوتیشی «پێشتر روانینـــی پیـــاو بەرامبەر کارکردنی ئافـــرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە روانینێکی خراپ بوو، چونکە پێیانوابوو ســـەربەخۆبوونی ئابووری ئافرەت وادەکات لە پیاو هەڵگەڕێتەوە، بەڵام ئێســـتا جێگەی دڵخۆشییە کە پیاوان روانینیان بەرامبەر بەوە باشتربووەو دەرفەتی کارو چوونە دەرەوەی ئافرەت لە ماڵان بە باش دەزانن، ئەوەش پەیوەندی بە کرانـــەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان بەڕووی پێشکەوتنەکانی جیهان و کۆمەڵگەکانی دیکەوە هەیە، لەلایەکی دیکەش ســـەختی ژیانی ئابووری ئەو سەردەمە بە زیادبوونی کەرەســـتەکانی ژیان و پێداویستییەکان وای کردووە پیـــاوان بە تەنها دەرەقەتی نەیەن، بۆیەش دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان بە ئاسایی دەبینن».

ئەو توێژەرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە ئافرەت لەڕووی پەیداکردنی ئابوورییەوە ســـەربەخۆ بێت، هێندەش گەیشتن بە مافەکانی و نەچەوســـاندنەوەی لەلایەن پیاوانەوە باشتر و زیاتر دەبێت، چونکـــە زۆربەی ئەو پیاوانەی کـــە ئافرەتەکانیان لە ماڵـــەوەن، وای دەبینن کە تەنها ئەوان ماندوون و ئافرەتەکانیان

لەسەر سـەکی تێر دانیشـتوون، جگە لەوەش وای دەبینن کە ئافرەتەکان ئەگەر ئەوان نەبن، هیچ پەناگەیەکیان نابێت، بەڵام سـەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت کۆتایی بەو بۆچوونە دەهێنێت و پیاوان ئەوە لێکدەدەنەوە کە ئەوانیش نەبن ئافرەتەکان دەژین و کێشـەیان نابێت، ئەوەش هێندەی دیکە پیاوان ناچار بە پێدانی ماف و ڕێزگرتنیان دەکات».

ئەوەشـی دووپات کـردەوە کە «نابێت ئافرەتان سـەربەخۆیی ئابووریـی خۆیان بۆ شـکاندنی پیـاوان بەکاربهێنن، گرنگە ئابووری یەکسان و هاوکاری لە نێوان ژن و پیاواندا هەبێت، کە وادەکات ژیانێکی خۆش و تەبایان بۆ دەستەبەر بکات، دەکرێ هەردووکیان لە ئابووریدا هاوبەش و لە خەرجکردنیشدا هاوبەش بن و بە یەکەوە ماڵێکی جوان و خۆشگوزەران بونیاد بنێنن».

هەرچەندە خـاوە، بەڵام بەردەوامە، دەکـرێ لایەنی بەرپرس دەرفەتی زیاتر بۆ بەکارخسـتنی ئافرەت لەبوارە جیاجیاکانی ژیان بڕەخسێنێت و سوودی لەهێزی کاری ئافرەتان وەربگرێت، لەبری ئەوەی خێری پێ بـکات و مووچەیەکی زۆر کەمی بۆ ببڕێتەوە.

**کەرتی تایبەت دەرفەتی کاری بۆ ئافرەتان ڕەخساندووە**

د. ڤـالا فەرید پەرلەمانتاری خولـی چوارەمی پەرلەمانی کوردسـتانیش هەمـان رای هەیـە و دەڵێت «بـۆ ئافرەت زۆرباشترە رەنجی شانی خۆی بخوات، لەوەی چاوی لەوە بێت کە حکومەت مووچەیەکی بداتێ، چونکە کارکردنی ئافرەت جگە لەوەی ئابوورییەکی سەربەخۆ دەستەبەر دەکات، لەهەمان کاتیشدا ئەرکی حکومەت سووك دەکات و هیچ بارگرانییەك



**هەر زیادبوونێك لەئازادی و دەسەڵاتی پیاو لەسەر حیسابی ئازادی و دەسەڵاتی ئافرەت درووستبووە**

نووسـەر و رۆژنامەنووس کامەران وریا قانع بڕوای وایە ژیان بریتییـە لە هاوکارییەکی بەردەوامی ئافرەت و پیاو لەهەموو بوارەکان و لەهەموو سـەردەمەکان، گوتیشـی» بە درێژایی مێـژوو کۆمەڵگەیەك نادۆزیتەوە تەنها بـە لایەنێك لەو دوو ڕەگەزە بەرێوە چوو بێت، بەڵام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر یەکێکیان زیاتر ماندوو بووە، یان ئەرکی زیاتر، یان دەسەڵاتی زیاتر بووە، بەڵام بە شـێوەیەکی گشتی لەمێژووی هاوچەرخ سـنوورەکانی ئـازادی و دەسـەڵاتی پیاو زیاتـر بووە، ئەم مێژوەش ئەو راسـتیەی سەلماندووە هەر زیادبوونێك لەئازادی و دەسەڵاتی پیاو لەسەر حیسابی ئازادی و دەسەڵاتی ئافرەت درووستبووە، بە شێوەیەگی گشتی دەتوانین هەموو پرۆسەکە بە تەرزاوویەك بشـوبهێنین هەر زیادبـوون، یان کەم بوون لە لایەك کاریگەری لەسـەر لاکەی تری هەیە. ئەمڕۆ ئافرەتان بەگشـتی لە داگیرکردنێکی لەسـەرخۆن و بۆ جومگەکانی کۆمەڵگە وردە وردە شوێنەکان و کۆمەڵگە لەگەڵ پیاو دابەش ئەکەن، بۆ نموونە زۆربەی بوارەکانی ژیان ئافرەت بەشدارە هەر لە فەرمانگەکانەوە تاکو دەگات بە بازاڕەکان. ئەم پرۆسەیەش

دروسـت ناکات»، نموونەشـی بەوە هێناوە کە «ئافرەتێکی نەخوێندەواری بێ داهات، ناتوانێ قوتابخانەیەك بەڕێوە ببات، بەڵکو دەبێـت کارێکی وای بۆ بدۆزرێتـەوە لەگەڵ توانا و شارەزایی ئەو ئافرەتە بگونجێت»، گوتیشی «ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو پێشـکەوتنەی لەدەزگاکانی حکومـەت بەرچاودەکەون، دەبینین کەرتی تایبەت باڵادەست بووە لە بوژانەوەی ئابووری وڵات و دەرفەتی کاریشی بۆ ئافرەتان زۆر ڕەخساندووە، بۆیە پێموایە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خانمانی ماڵ لەداهاتوودا، ئەوەندە پشـت بەحکومەت نەبەسترێت، بەڵکو کەرتی تایبەت دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و دەرفەتی زیاتر بۆ خانمانی ناو ماڵ بڕەخسێنێت، نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە شانبەشانی کارکردنیان مافەکانیشـیان پارێزراو بێت، واتا بەیانی کە پیر و پەککەوتـە دەبێت و توانای کارکردنی نامێنێت، پێویسـتە لەبەرامبەر ئەو کارەی پاداشتێك و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی هەبێت، دیارە ئەو هەوڵەش پێویستە بە یاسا رێکبخرێت، ئەوەش ئەرکی پەرلەمانە کە یاسـای تایبەت بەم بابەتە دەربکات بۆ زیاتـر خزمەتکردنی خەڵکی کارگوزار و کرێکار و بەتایبەتی خانمانی کارگوزار پێویستە بە یاسا دەستەبەری کۆمەڵایەتییان مسۆگەر بکرێت».

کۆمەڵناسێك:

**داهاتی ئافرەت یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە سەربەخۆی دەکات ئەوەش دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مافەکانی**

نووسەرێك:

**دەسەڵات لەبری ئەوەی خێر بە ئافرەت بکات و مووچەیەکی زۆر کەمی بۆ ببڕێتەوە، پێویستە دەرفەتی زیاتر بۆ بەکارخستنی ئافرەت لەبوارە جیاجیاکانی ژیان بڕەخسێنێت و سوود لەهێزی کاری ئافرەتان وەربگرێت**

**پەرلەمانتارێک: بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کارگوزار و کرێکار و بەتایبەتی خانمانی کارگوزار پێویستە بە یاسا دەستەبەری کۆمەڵایەتییان مسۆگەر بکرێت**